گروه توزین

شرکت فــرد ایــران

تاسیس ۱۳۳۷

گەورەترین داڕێژەر و وەبەرهێنەری جۆرەکانی قەپانی جادەیی و سیستەمەکانی کێشانەکردنی سانعەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

# کاتالۆگی ناساندنی بەرهەمەکان

www.fardiran.com

# پێڕست


**ناساندنی کۆمپانیا** ٢

**ناساندنی جۆرەکانی سیستەمی کێشانەکردن** ٣

**بار تەوەرەیی** ٧

**قەپانی تێکەڵ** ٩

چاکە نیسبیەکانی قەپانە تێکەڵەکان لە چاو قەپانەکانی‌تر ١٠

**فۆندانسیون** ١٨

**لۆدسێلی مینە بئا ، وردترین، باشترین و بە متمانەترین لۆدسێلی جیهان** ٢٠

تایبەتمەندییەکانی لۆدسێلی مینە بئایی ئەڵمانی مۆدێلیpr 6221 ٢١

جەعبەی دابەشینی ئەلکتریکی ٢٢

شاشەی پیشاندەری پرۆفێشناڵی tec 1610 بۆ بەکارهێنانە سەنعەتی و بازرگانیەکان ٢٣

**بەرهەمەکانی دیکە** ٢٤

**خەڵات و بڕوانامەکان** ٢٦

دەستەی پیشەسازی (فرد ایران ) لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاویدا چالاکی وەبەر هێنان و بازرگانی خۆی دەست پێ کرد. بواری چالاکی کۆمپانیا بریتیە لە: وەبەر هێنانی سیستەمەکانی پێوانەی کێشانەکردن بە چەشنی : قەپانە جادەییەکان، ترازوو سەنعەتی و فرۆشگەییەکان و قەپانە سووکەکان. بەرانبەری کردنی بەر هەمەکان لە گەڵ سەردەمانەترین تەکنۆلۆژیاکان و بەهرەوەرگرتن لە دەرچووانی ناوەندە زانستییەکان لە یەکەی گەشە و توێژینەوەدا، بۆتە هۆکارێ کە کۆمپانیا لە ماوەیەکی کورتا بەشێکی زۆری بازاڕ لە دەست بگرێت. داهێنان و تازەگەریی پسپۆڕانی کۆمپانیا لە سەرەتای چالاکیەوە، بوو بە هۆکارێ کە یەکەمین شەمەندەفەرکێش لە وێستگەی مانۆڕکردنی ( بەندەر عەباس)دا دابمەزرێت و کۆمپانیا وەکوو یەکەی نموونەی ڕێکخراوەی ستاندارد هەڵبژێردرێت. پاش ئەم سەرکەوتنە تایبەتە و بە دەرکەوتنی توانای ئەزموونی و زانستیی ستاقی داهێنەر و بە داڕشتن و پێشکەشکردنی بەرهەمی نوێ، ساڵانێک بەردەوام لە لایەن ڕێکخراوە حکومیەکانەوە ڕێزی لێ گیرا. نموونەی بەرچاوی ئەم داهێنەرییەش، داڕشتن، باش کردن، سازکردن و دامەزراندنی قەپانە کۆنکرێتیە تێکەڵەکانە بوو کە بۆ یەکەمجار لە ئێراندا هاتە بازاڕ و سەرکەوتنێکی شیاوی بۆ کۆمپانیا وەدەست هێنا. متمانەی کۆمەڵێ ڕێکخراوەی گەورەی حکومی و ئەهلی بەم دەستە پیشەسازیە، بوو بە هۆکارێ کە لە ساڵی ١٣٨٦ی هەتاویدا، دامەزراندنی سیستەمی کێشانەکردنی کۆمەڵەی (بەندەری شەهید ڕەجایی) بەم کۆمپانیایە بدرێت و هەموو بارەکانی هاوردەکردن و هەناردەکردنی وڵات لەم بەندەرەدا، بە قەپانە وردبینەکانی ئەم کۆمپانیایە کێشانە بکرێن و ببێتە بنەڕەتی نرخاندنی بەرپرسان. چالاکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی کۆمەڵەی بەرپرسان و ستاقی تێکۆشەری کۆمپانیا، بوو بە هۆکارێ کە دامەزرێنەری ئەم دەستەی پیشەسازیە لە ساڵی ١٣٨٨دا وەکوو کەسی هەڵکەوتووی سەنعەت و بازرگانی، هەڵبژێردرێت. کۆمپانیاکانی ((پارس سیوان الکتریک)) (ناوەندی تاقیکاری و تێستی ئامێرەکان) و (( بدیع صانع راه ابریشم)) (دابینکار و ئامادەکاری کەرەستە و ئامێرەکانی تێستی سیستەمەکانی کێشانەکردن)، کۆمپانیاکانی ئەقماری ئەم گرووپە بەرهەمهێنەرەن کە لە پێوەندی لەگەڵ بواری چالاکی کۆمپانیاکاندا، لە مەیدانی وەبەر هێنان بگرە تا بازرگانی و خزمەتگوزارییەکاندا خەریکی چالاکین.

ئامانجە بەرز و مرۆڤدۆستانەکانی کۆمەڵەی بەڕێوەبەران، بۆتە هۆکارێ کە کۆمپانیاکە، بە هاتن بۆ ناو گۆڕەپانی وەرزشی، لە ئاستی وڵاتدا توانی هەندێ چالاکی ئەنجام بدات. هەر بۆیە بە پاڵەوانیەتی لە پلەکانی خوار گرووپی، پلە یەک و پلە دووی یانەکانی تۆپی باسکە، لە ساڵی ١٣٨٨دا سەرەڕای ئەوەی چووە ڕیزی ١٠ یانەی سووپرلیگی تۆپی باسکە، توانیشی ببێتە پاڵەوانی ئەخلاقی ئەو خولە. هەروەها لە ساڵی ١٣٨٩یشدا توانی پلەی چوارەمی سووپرلیگی تۆپی باسکە وەدەست بێنێ.

# ناساندی جۆرەکانی سیستەمی کێشانە کردن



## قەپانی جادەیی



قەپانی جادەیی ئامێرێکە کە دەتوانێ ئامێرەکانی گواستنەوەی جادەیی بە چەشنی: بارهەڵگر، لۆری و کەمەرشکێن، لە یەک قۆناغدا و بە یارمەتی هێزی ڕاکێشانی زەوین، کێشانە بکات. ئەم سیستەمە زیاتر لە دووجۆر، بۆ رووی زەوین و بن زەوین و لە زەرفیەتەکانی ٥ تەن هەتا ٢٠٠ تەن و بە قەبارەکانی ٢×٤ هەتا ٤×٢٤ لە ٩ دەستەدا و بە گوێرەی باری تەوەرەیی ئامێرەکە و رادەی کێشانەکردنی ڕۆژانە یان ساڵانەدا، داڕێژراوە و لە سێ جۆرە کوالێتی، A و B و C دا بەرهەم دێت.

## قەپانی کەفەیی و باسکۆڵێت



ئەم ئامێری کێشانەکردنە، لە یەکەکانی وەبەرهێنان، مەخزەن، میوەفرۆشیەکان و پیشەسازییە جۆراوجۆرەکاندا بەکاردێت.
قەبارەی قەپانی کەفەیی زیاتر لە ١×١ مەتر هەتا ٣×٣ مەترەوەیە و لە زەرفیەتی ١ هەتا ٤٠ تەندا بەرهەم دێت.
هەروەها قەبارەکانی باسکۆلێت ٥٠×٥٠ هەتا ٧٠×٧٠ سانتیمەتر و لە زەرفیەتی ١٠٠×٥٠٠ کیلۆگرامدا، کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

**قەبارە و زەرفیەتەکانی تایبەت بە گوێرەی داخوازی، ئامادە و پێشکەش دەکرێت.**

## قەپانی ئاوێز



ئەم ئامێرە بۆ پێوانەکردنی کێشی بارە جێبەجێ کراوەکەیە، کە لەگەڵ سلینگە جۆراوجۆرەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیرێت و زەرفیەتی ١٠٠ هەتا ٢٠٠٠٠ کیلۆگرامی تێدایە. بە هۆی ماهیەت و شێوەی پێوانەکردنی کێش لەم ئامێرەدا، وردبینی لە پێوانەکردندا لە قەپانە کەفەییەکاندا وردترە.

## کەرەستە ئەلەکترۆنیەکان



ئەم کۆمپانیایە گەورەترین دابینکار و بەرهەمهێنەری جۆرەکانی کەرەستە ئەلەکترۆنیەکانی سیستەمەکانی کێشانەکردنە، بە چەشنی: جۆرەکانی لۆدسێڵ، شاشەکانەکان، جەعبەی دابەشینی کارەبا و ...

لیستی پارچەکان و نرخەکانی لە ماڵپەڕی www.fardiran.com دا هەیە.

## سیستەمەکانی کێشانەکردنی شەمەندەفەر(شەمەندەفەرکێش)



ئەم سیستەمی کێشانەکردنە، بۆ کێشانەکردنی جۆرەکانی شەمەندەفەر بە شێوەی دینامیک و ئیستاتیک و لە جۆرەکانی تەوەرە بە تەوەرە، بۆژی بە بۆژی، واگۆن بە واگۆن، دادەڕێژرێت و سازدەکرێت.

## گۆڕینی قەپانی میکانیک و نیوە ئەلکتریک




قەپانە میکانیکیەکان و نیوە ئەلکتریکیەکان بە هەبوونی کوالێتی و وردبینی گونجاو، لە زۆربەی بابەتەکاندا بە هۆی کارکردنی پارچەی کەرەستەکانی کێشانەکردنی میکانیکی وەک: دەلەم، تێخچە و پالشتەگ بە تێپەڕبوونی کات، وردبینی خۆیان لە دەست دەدەن و پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە.
باشترین چارەسەری بۆ ئەم کێشەیەش، گۆڕینی ئەم قەپانانە، بۆ قەپانی نیوە ئەلکترۆنیک یان تەواو ئەلکترۆنیکە.

## سیستەمەکانی کێشانەکردن (بە گوێرەی داخوازی کڕیار)









(فرد ایران) وەکوو گەورەترین وەبەرهێنەری سیستەمەکانی کێشانەکردن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە کەڵک وەرگرتن لە کادێری لێهاتوو و ئیمکانیاتی بەرینی خۆی، لە بواری هەموو جۆرە سیستەمێکی کێشانەکردن بە گوێرەی داخوازی کڕیار، ئامادەیهاوکارییە.سەبارەت بەم بابەتەش دەتوانین ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

- جۆرەکانی قەپان بۆ کێشانەکردنی خڕکەبەرد لە زەرفیەتی١٠ هەتا ٤٠ تەن بۆ کێشانەکردنی پارچەکانی خڕکەبەرد (ئەم ئامێرە بۆ کێشانەکردنی ڕۆلەکانی کانزا و... بەکار دێت.)
- بەرمیل پڕکەر و گاڵۆن پڕکەر
- قەپانی کێشانەکردنی ئاژەڵ
- سیستەمی کێشانەکردنی بارخانەکان
- سیستەمەکانی کێشانەکردنی بەچینگی کەرەستەی بیناسازی
- سیستەمەکانی کێشانەکردنی هاپێری چیمەنتۆ
- کێشانەکردنی کوشتارگەیی
- سیستەمەکانی کێشانەکردنی تێکەڵ کەرەوەکان
- کێشانەکردنی ڕۆلیک

# قەپانی تێکەڵاو









جیاوازی بەرچاوی بیناکۆنکرێتەکان لە بەراورد لەگەڵ بیناکانی‌تردا، نرخی کەمتر،کوالێتی و خۆڕاگری سەرتر و...کۆمپانیای (فرد ایران)ی هان دا بە لێکۆڵینەوەی بەرین و ڕاوێژکاری پێویست لە گەڵ پسپۆڕانی پیشەسازی و زانکۆ، دەست بکات بە گواستنەوەی تەکنۆلۆژیای بەرهەم‌هێنانی سیستەمەکانی کێشانەکردن بەتایبەت قەپانە جادەییەکان لە وڵاتانی چێک و ئەڵمانیا و ناوی ئەم قەپانە تایبەتانەی ناوەتە (قەپانی تێکەڵاو).

توانا زانستی و تەکنیکیەکانی کۆمپانیا، لەسای زانستی جوراوجۆری ئەندازیاران، بۆتە هۆکارێ کە ئەو تایبەتمەندییانە کە وەرگیراون، گۆڕانیان بەسەردا بێ و بە ئیزنی خودای گەورە، ئێستاکە ئەو قەپانانە بە سەرنج بە تەوەرەی ئامێری گواستنەوە و ڕادەی کێشانەکردنی ڕۆژانە یان ساڵانەی قەپان، لە زەرفیەت و قەبارەکانی جۆراوجۆر و لە ۹ زنجیرەدا بە گوێرەی کوالێتی بەرهەم‌هێنان لە سێ جۆری CوBوA دا بەرهەم دێن و لە ڕادەی زۆردا دەخرێتە بازاڕەوە.

## هەندێ لە چاکەکانی بەکارهێنانی بینا کۆنکرێتەکان

- یەکپارچەیی و چڕی گونجاو بەتایبەت لە لکانی بینا کۆنکرێتەکاندا
- مادەی پێک‌هێنەری فراوان و هەرزان لە چاو کەرەستەکانی‌تری بیناسازی
- لایەنگری ژینگە و درێژەپێدەری گەشەی بەردەوامی پیشەسازی


# چاکە نیسبیەکانی قەپانە تێکەڵاوەکان لە چاو قەپانەکانی‌تر

بە گەشەسەندنی بەکارهێنانی کۆنکرێت لە وەبەرهێنانی ئامێرەکانی پیشەسازی، ئەورۆکە بەکارهێنانی قەپانە کۆنکرێتیەکان لە وڵاتە سەنعەتیەکاندا ڕووی لە زیاد بوونە.










- زەریبی گواستنەوەی گەرمای کەمتر
- نرخی براوەی کەمتر
- خۆڕاگری زۆرتر لە بەرانبەر هۆکارەکانی ئاسمانی و ژینگەییەوە
- گواستنەوەی تەکنۆلۆژیای داڕشتن و بەرهەمهێنان لە ئەورووپاوە
- خۆڕاگری زۆرتر لە بەرانبەر زەربەوە
- کوالێتی و پتەویی زیاتر

## قەپانی تێکەڵاوی سەرزەوین مۆدێلی P10



- خەرجی کەمتر بۆ گواستنەوە
- بە فۆندانسیۆنی پێش ئامادەکراو پێشکەش دەکرێت
- بۆ دامەزراندنی پێویستی نیە بە سلینگێ بە تەناژی زۆرەوە
- بەگاردرێلەوە (لە سەر داخوازی کڕیار) پێشکەش دەکرێت
- ڕەمپ بە شێوەی دامەزراندن لە جێگە و شوێنی ڕێخستنی قەپاندا


## قەپانی تێکەڵاوی ناو زەوین مۆدێلی P20



- خەرجی کەمتر بۆ گواستنەوە
- بەفۆندانسیۆنی پێش ئامادەوە پێشکەش دەکرێت
- بۆدامەزراندنی پێویستی نییە بەسلینگێ بە تەناژی زۆرەوە

**لە زەرفیەت و قەبارەی جۆراوجۆر لە زنجیرەی ٩ دانەییدا و بە گوێرەی باری تەوەرەیی ئامێری گواستنەوە و ڕادەی کێشانەکردنی ڕۆژانە یان ساڵانەی قەپانەکە**

## قەپانی تێکەڵاوی سەرزەوین مۆدێلی P30



- ڕێخستن و دامەزراندن لە ماوەی سێ ڕۆژدا
- ژێری قەپانەکە باشتر خاوێن دەکرێتەوە
- توانای گواستنەوەی قەپان لەگەڵ فۆندانسیۆندا

توانای پێشکەشکردن بە گاردڕێڵ(لە سەر داواکاری کڕیار)

## قەپانی تێکەڵاوی ناو زەوین مۆدێلی P40



- ڕێخستن و دامەزراندن لە ماوەی سێ ڕۆژدا
- توانای گواستنەوەی قەپان لەگەڵ فۆندانسیۆندا
- توانای ڕێخستنی بەرزایی لەکاتی دامەزراندا (لەسەر داخوازی کڕیار)

**لە زەرفیەت و قەبارەی جۆراوجۆر لە زنجیرەی ٩ دانەییدا و بە گوێرەی باری تەوەرەیی ئامێری گواستنەوە و ڕادەی کێشانەکردنی ڕۆژانە یان ساڵانەی قەپانەکە**

## قەپانی تێکەڵاوی سەرزەوین مۆدێلی P50 و P51



- پاراستنی لەباری ئامێری گواستنەوە
- ڕێخستن و دامەزراندن لە ماوەی سێ ڕۆژدا
- توانای گواستنەوەی قەپان لەگەڵ فۆندانسیۆندا
- گونجاوە بۆ دامەزراندن لەو شوێنانەدا کە جێگەی زیاتری هەیە


لە زەرفیەت و قەبارەی جۆراوجۆر لە زنجیرەی ۹ دانەییدا و بە گوێرەی باری تەوەرەیی ئامێری گواستنەوە و ڕادەی کێشانەکردنی ڕۆژانە یان ساڵانەی قەپانەکە

## قەپانی تەواو کانزای سەرزەوین مۆدێلی M10



- پتەو و خاوەنی رەنگی سەنعەتی خۆڕاگر
- بە فۆندانسیۆنی پێش ئامادەکراو پێشکەش دەکرێت
- بە یارمەتی نەرمەئامێرگەلی مۆدێلسازی دارێژراوە
- برینەوە و جۆش بە مۆدێرنترین ئامێری سەردەم
- توانای پێشکەشکردن بە گاردرێڵەوە (بە گوێرەی داخوازی کڕیار)
- ڕەمپ بەشێوەی دامەزراندن لە شوێن و جێگەی دانانی قەپاندا

## قەپانی تەواو کانزای ناوزەوین مۆدێلی M20



- پتەو
- خاوەنی رەنگی سەنعەتی خۆڕاگر
- بە یارمەتی نەرمەئامێرگەلی مۆدێلسازی دارێژراوە
- برینەوە و جۆش بە مۆدێرنترین ئامێری سەردەم

**لە زەرفیەت و قەبارەی جۆراوجۆر لە زنجیرەی ٩ دانەییدا و بەگوێرەی باری تەوەرەیی ئامێری گواستنەوە و ڕادەی کێشانەکردنی ڕۆژانە یان ساڵانەی قەپانەکە**

قەپانی تەواو کانزای

## قەپانی تەواو کانزای ناوزەوین مۆدێلی M40



- پتەو
- خاوەنی رەنگی سەنعەتی خۆراگر
- بەکارهێنانی پاڵتگەلی ١/٥مەتری
- بە یارمەتی نەرمەئامێرگەلی مۆدێلسازی دارێژراوە
- بڕینەوە و جۆش بە مۆدێرنترین ئامێری سەردەم

## قەپانی تەواوکانزای ناوزەوین مۆدێلی M50




- پتەو
- خاوەنی رەنگی سەنعەتی خۆراگر
- بە یارمەتی نەرمەئامێرگەلی مۆدێلسازی دارێژراوە
- بڕینەوە و جۆش بە مۆدێرنترین ئامێری سەردەم

**لە زەرفیەت و قەبارەی جۆراوجۆر لە زنجیرەی ٩ دانەییدا و بەگوێرەی باری تەوەرەیی ئامێری گواستنەوە و ڕادەی کێشانەکردنی ڕۆژانە یان ساڵانەی قەپانەکە**

قەپانی تەواو کانزای

## قەپانی کۆنکرێتی کانزای سەرزەوین
## مۆدێلی S10



- زۆر بە وردی دارێژراوە
- توانای پێشکەشکردن بە گاردڕێڵ (بەگوێرەی داخوازی کڕیار)
- ڕەمپ بە شێوەی دامەزراندن لە کەش و شوێنی داناندا
- بە پرۆفیل و نەبشیگەلی تەمووی قەپانەکە بۆ دانانی لەباری دالی کۆنکرێت و پاراستن لە بەرانبەری ئەگەری خەسارلێکەوتن

## قەپانی کۆنکرێتی کانزای ناوەوەی زەوین
## مۆدێلی S20



- زۆربە وردی دارێژراوە
- لەگەڵپرۆفیل و نەبشیگەلی پەنای قەپانەکە بۆدانانی گونجاوی دالی کۆنکرێت وپاراستن لەبەرانبەری ئەگەری خەسارلێکەوتن

**لە زەرفیەت و قەبارەی جۆراوجۆر لە زنجیرەی ۹ دانەییدا و بەگوێرەی باری تەوەرەیی ئامێری گواستنەوە و ڕادەی کێشانەکردنی ڕۆژانە یان ساڵانەی قەپانەکە**

## قەپانی کۆنکرێتی کانزای سەرزەوین
## مۆدێلی S40



## قەپانی کۆنکرێتی کانزای ناوەوەی زەوین
## مۆدێلی S50



- بینای کانزایی پتەو
- زۆر بە وردی داڕێژراوە (پێشکەشکردنی نەخشەکانی ئەندازیاری بۆ دامەزراندنی دالی کۆنکرێت)
- دەستەکەکەنی کۆنکرێتڕێژی بۆ پتەوی زیاتری قەپان و دامەزراندنی باشتری دالی کۆنکرێت
- لەگەڵ پرۆفیل و نەبشیگەلی پەنای قەپانەکە بۆ دانانی گونجاوی دالی کۆنکرێت و پاراستن لە بەرانبەری ئەگەری خەسارلێکەوتن

**لە زەرفیەت و قەبارەی جۆراوجۆر لە زنجیرەی ٩ دانەییدا و بەگوێرەی باری تەوەرەیی ئامێری گواستنەوە و ڕادەی کێشانەکردنی ڕۆژانە یان ساڵانەی قەپانەکە**

# فۆندانسیۆن

## فۆندانسیۆنی دامەزراندن لە شوێنی دیاریکراودا










جۆرەکانی فۆندانسیۆن لەباری جۆری دامەزرانەوە:

۱- **دامەزراندن لە شوێنی پێویستا:** لە شوێنی دیاری کراوی کرپاردا سازدەکرێ و دادەمەزرێت

۲- **پێش‌ئامادەکراو:** لە کۆمپانیادا بەرهەمدێت و لە شوێنی کرپاردا دادەمەزرێت

### فۆندانسیۆنی دامەزراندن لە شوێنی دیاریکراودا

لە فۆندانسیۆنی دامەزراندن لە شوێنی دیاریکراودا، هەموو قۆناغەکانی پێوەندیدار بە سازکردنی فۆندانسیۆن لە شوێنی دانانی قەپاندا ئەنجام دەدا. هەر بۆیە بەهۆی کۆنترۆڵ نەکردنی هەلومەرجی ژینگەیی، زۆرجار سازکردنی ئەم فۆندانسیۆنە بەشێوەی کارناسـانە ئەنجام دەدرێت و بە تێپەڕبوونی کات، بەهۆی نەبوونی خۆڕاگری پێویسـت لە فۆندانسـیۆندا، دروستی و وردبینی قەپانەکە دادەبەزێت و دەبێتە هۆی خەتا لە کێشانەکردندا.

# فۆندانسیۆنی پێشئامادەکراو:



لە فۆندانسیۆنە پێشئامادەکراوەکاندا، قۆناغەکانی پێوەندیدار بە سازکردنی فۆندانسیۆنەوە، لە کۆمپانیادا ئەنجام دەدرێت و وەبەرهێنان و بەکارهێنانی کۆنکرێت، بە مەبەستی وەدەستهاتنی زۆرترین خۆڕاگری، لە هەلومەرجێکی بەتەواوی کۆنترۆڵکراودا ئەنجام دەدرێت. بە سرنج بە توانای بەکارهێنانی قاڵبڕشتنی پێچەوانە لە کۆمپانیادا، ئەم فۆندانسیۆنە بە شێوەی قاڵبڕشتنی پێچەوانەوە، کۆنکرێتڕێژی دەکرێت و ئەم کارەش دەبێتە هۆی بەرەوسەرچوونی خۆڕاگری فۆندانسیۆنەکە.

# لۆدسێل مینه بآ اینتک مۆدێلیPR6221

## وردبین‌ترین، باشترین و دڵنیاترین لۆدسێلی جیهان

## ستانداردەکانی لۆدسێل سارتۆریۆس (فیلیپسی جاران)



مینه بآ اینتک

١٣٩٥وه هەتا ئێستا
2017 - today



سارتۆریۆس اینتک

١٣٩٣ بۆ ١٣٩٥
2015 - 2017



سارتۆریۆس اینتک

١٣٧٧ بۆ ١٣٩٣
1999 - 2015



جەی_ دەبلیوو_تی

١٣٧٥ بۆ ١٣٧٨ ماوەی سێ ساڵ
1996-1999 3 years



فیلیپس

١٣٣١بۆ ١٣٧٤ماوەی ٤٣ ساڵ
1952-1995 43years

لۆدسـێلەکانی مینـه بآ اینتـک مۆدێلی PR6221، تایبەت بە قەپانە جادەییەکان سـازکراوە. دارشـتنی تایبـەت لەگەڵ ئامێری دامەزراندنـی، هەمووجـۆرە گۆڕانێک بەهۆی گەورەبوون و بچووک بوونە میکانیکییەکانەوە یان بەهۆی گەرمای هەواوە لە بینای قەپانەکەدا، یەکسان دەکات.

کۆمەڵەی تایبەتی بیچمی هیندسـی و پارامترەکانی سـەختی مادە یان پتەویی شوێنەکە، باشترین هەلومەرج بۆ جووڵە و هێزی گەڕانەوەی بۆ حاڵەتی خۆی، بە بێ نیاز بە پاراستن و چاودێری ئامادە دەکات.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی دارشـتنی لۆدسـێل مینە بآ اینتک ئەمەیە کە بەرزایی و بیچمی لۆدسێل لە قۆناغەکانی جۆراوجۆری بارگیریدا ناگۆڕدرێت. ئەمەش لەحاڵێکدایە کە هێزی باری زیادی ئەم لۆدسێلە لە سەدا دووسەدە.

ڕادەی زیادەباری ئەم لۆدسـێلە، سەرەڕای وردبینی لە پێوانەدا و توانای دووپاتبوونەوە، دەبێتە هۆی سەرتربوونی لە بواری پاڵپشـتبوون و هێز و جێگیربوون لە چاو لۆدسـێلەکانی دیکەوە. ئەمەش وەهایە کە ئەم لۆدسـێلە دەتوانێ سـاڵانی بەردەوام، پێویستی بە پاراستن، چاودێری یان ڕێخستن نەبێت.

لۆدسێل سارتۆریۆس

# تایبەتمەندییەکانی لۆدسێل مینە بآ اینتک ئەڵمانی مۆدێل PR6221

- تایبەت بە قەپانە جادەییەکان
- لە وڵاتی ئەڵمانیا داڕێژراوە و سازکراوە
- خاوەنی قرقرەی سەرەکی خوار و سەر
- توانای بەرگەگرتنی بار بۆ پێوانەکردنی 200% زەرفیەت
- لە پۆڵای دژە ژەنگ سازکراوەstainless steel













- لە سەداسەد پێویستی بە چاککردنەوەی نیە (Maintenance free)
- وردبینی زۆر بەرزە (١٤٠٠بۆ٢٠٠٠٠بەش) کلاسەکانی c3,c4,c5,c6
- دژە تەقینەوە (ئەگەر داوا بکرێت) EX-version available(optional)
- بەبێ خەسارلێکەوتن بەرگەی هەموو بارێ دەگرێت (well-proven rocker pin design)
- لە بەرانبەر هەورە تریشقەوە پارێزراوە و لە بەرانبەر وڵتاژی بەرزەوە خۆڕاگرە بەگوێرەی dinen 61000-4-5
- خاوەنی پۆششی پارێزەرwashdown cleaning sealing equivalentto NEMA6)ip-69k
- خاوەنی پۆشـــی پارێزەر IP -68 (توانای ئیشکردن بە شـێوەی نوقمبوون لە ئاودا بە ١٠/٠٠٠ کاتژمێر کاری بەســوود هەتا ١/٥ مەتر لەژێر ئاودا)
- خاوەنی بەرزترین ئاستی ستاندارەدە نێونەتەوەییەکانی Oiml_ NTEP_EX_ PTB_ MV/V MATCHED factory mutual system
- تەنیا لۆدسێلی کە وا دەرهاویشتەکەی لە سەداسەدی یەکسانە و کاتی گۆڕینی، پێویستی بە هیچ جۆرە گۆشەگری نیە (خاوەنی ستانداردی mv/vmATCED)

# جەعبەی دابەشینی ئەلکتریکی

**وردبینی قەپانێک چەشنی زنجیرێکە کەوا خۆڕاگرییەکەی بە لاوازترین قەفەکانیەوە بەستراوەتەوە و هەمیشەش یەکێ لە لاوازترین قەفەکان، جەعبەی دابەشینی ئەلکتریکیە.**





جانێکشـێن باکـس، ئامێرێکـە بۆ لکاندنی لۆدسـێلەکان بە یەکتر و یەکسـانکردنی خاڵە جۆراوجۆرەکانـی قەپانەکە لە بواری کێشکردنەوە. گرنگی جانێکشێن باکس تا ئەو ئاستەیە کە ڕادەی وردبینی لۆدسێلەکان و پیشاندەری قەپانەکە، بە وردبینی ئەو بەستراوەتەوە.

ئەوڕۆکە لە قەپانە تەواو ئەلکترۆنیکیەکاندا کێشـەگەلێ دەبینین کە هۆکاری ناشـارەزایی بە سـەر ئەم ئامێرە گرینگەیە، کە بە وڵتاژێکی بچووک لە لۆدسێلەکەدا جێبەجێ دەبێت.

**ئایا دەزانن کاریگەری ڕاستەوخۆی جەعبەی دابەشین لە زیاتر لە ٧٠٪ تێکچوونی قەپان و گۆڕانکارییەکانی کێشانەکردندا بەرچاوە؟**

**تایبەتمەندییەکانی جەعبەی دابەشینی لەبار چییە:**

- خاوەنی جەعبەی سیلدکراو کە لانیکەمی ئاستی پاراستنی IP 65 بێت.
- پارچەکانی بەر لە بەکارهێنان، یەک یەک تێست دەکرێن و نابێ زۆرترین هەڵەیان لە ئاستی گەرمای کاری قەپاندا لە٠٥٪ زیاتر بێت.
- جۆری خۆڕاگرەکانی بەکاربراو لە جۆری خۆڕاگری تەل بە جێگیریەتی گەرماییەوە.
- جەعبەی دابەشینی مۆدێلی دژە نم، تەنیا جەعبەیەکە کە بەشە ئەلکترۆنیەکەی دژە نمە. ئەم تایبەتمەندییە لە جەعبەکانیتردا نییە و بە نزمترین نمەوە، سەدان کیلۆگرام هەڵە لە کێشانەکردندا وەدی دێنن.

# شاشەی پرۆفشناڵ 1610

- بێ نیاز لە چاککردنەوە
- بەرزترین وردبینی تۆمارکراو لە ئێراندا




- تەنیا پیشاندەری کێشانەکردن بۆ کارە پیشەسازی و بازرگانییەکان لە ئێراندا
- توانای نمایشی دوو بەش بە شێوەی هاوکات، بۆ نموونە (زینە ١٠kg، بە وردبینی ١kg)ەوە.
- پیشاندانی ژمارەکانی کێشانەکردن و هەموو پەیامەکانی سیستەم بە زمانی فارسی بە شێوەی گەورە و بەرچاو
- خاوەنی ٣/٠٠٠/٠٠٠میمۆری کێشانەکردن، توانای زیادکردنی بە میمۆری بێ کۆتایی، تەنیا بە گۆڕینی کارتی مێمۆری
- توانای پێدانی ناوی کاڵا و ژمارەی ماشینی جۆراوجۆر بە شێوەی تەواو و کۆدی ماشێن و شار و فرۆشیار
- فیلتێرە دیجیتاڵەکان کە توانای ڕێخستنی هەیە بۆ پێشگرتن لە هەڵەکانی کێشانەکردن بەهۆی با و لەرەی ماشێن و...
- توانای لکان بە کۆمپیوتێر و بەکارهێنانی نەرمەئامێری پێشکەوتوو
- خاوەنی پۆرتی USB بۆ پێوەندی لەگەڵ کۆمپیوتێردا
- ڕێلەکانی چوونگە بۆ کۆنترۆڵی ترافیکلایت، گیتەکانی هاتن و ڕۆیشتن (بەگوێرەی داخوازای کڕیار)
- توانای دارشـتن و چاپی پسـوولەی کێشـانەکردن بەگوێرەی داوای کڕیار بە چەشنی: دیرۆک، کاتژمێر، ژمارەی ماشێن، کاڵا، نرخ، دەسپێک و کۆتایی و...

قەپانی کانزایی سەنعەتی و قەپانی تایبەت
بە کێشانەکردنی ئاژەڵ

# تایبەتمەندییە تەکنیکیەکانی قەپان





## تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان

| پلەکی پێوانەکردن | قەبارە | زەرفییەت |
|---|---|---|
| 20 gr | 50× 50 | 150 |
| 100 gr | 70×70 | 500 |

- بەکارهێنانی هاسان
- خاوەنی بینای کانزایی پتەو
- رووکێشی لە جۆری پۆلای دژە ژەنگە
- خاوەنی پێشکەوتووترین ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی سەردەم
- خاوەنی شاشەی جۆراوجۆر (بەگوێرەی داخوازی کڕیار)
- گونجاوە بۆ بەکارهێنان لە یەکەکانی وەبەرهێنان،کۆفرۆش و مەخزەنەکان، پیشەکانی نەساجی، تەل وکێبڵ، کشتوکاڵ،کیمیایی، دەرمان، ئارایشی و تەندروستی و بازاڕەکانی میوە

# تایبەتمەندییە تەکنیکیەکانی قەپانی کەفەیی








**تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان**

| پلەکی پێوانەکردن | قەبارە | زەرفییەت |
|---|---|---|
| 200 gr | 100×100 | 1.2 Ton |
| 200 gr | 150×150 | 1.2 Ton |
| 200 gr | 150×150 | 2 Ton |
| 500 gr | 150×150 | 3 Ton |
| 500 gr | 150×150 | 5 Ton |
| 1 kg | 200×200 | 10 Ton |

- خاوەنی کەفەی کانزایی
- بەکارهێنانی زۆر هاسان
- خاوەنی بینای سەنعەتی پتەو
- چوارچێوەی کانزایی بە ڕەنگی سەنعەتی خۆڕاگرەوە
- کەڵکـوەرگرتن لە چوار لۆدسێل بۆ پێوانەکردنی باشتری کێشەکە
- توانای لە پەنای یەک کەوتنی قەپان لەگەڵ ڕەمپی هاتنگە و چوونگەدا
- خاوەنی شاشەی جۆراوجۆر (بە گوێرەی داخوازی کڕیار)
- خاوەنی پێشکەوتووترین ئامێرە ئەلەکتریکیەکان لە ناو هەموو قەپانەکانی بازاڕدا
- گونجاوە بۆ بەکارهێنان لە یەکەکانی وەبەرهێنان، کۆفرۆش و بارخانەکان، پیشـــەکانی نەســاجی(چنین و ڕســتن)، تەل و کنیڵ، کشتوکاڵ، کیمیایی، دەرمان، ئاڕایشی و تەندروستی و بازاڕەکانی میوە

# تایبەتمەندییە تەکنیکیەکانی سیستەمی کێشانەکردنی هومارەکانی بەچینگ، هاپێر و ئاوێز

## سیستەمی کێشانەکردنی هومارەکانی بەچینگ و هاپێر




- توانای بەتۆرکردنی چەندین ماژۆل
- بە دەست و ئۆیۆماتیک کاری پێ دەکرێت
- دەرهاویشتەی ژمارەی RS232, RS485
- توانای دیاری کردنی دەرهاویشتەی ٤ بۆ ٢٠ میلی ئامپەر
- توانای هەناردنی زانیاری بە شێوەی بەردەوام
- دەرهاویشتەی ڕێلەدار(بەگوێرەی داخوازی کریار)
- ڕێکخستنی هەموو پارامێترەکان کالیبراسیۆن لەڕێگەی ژمارەوە
- توانایوەرگرتنیفۆرمولیجۆراوجۆربەگوێرەیداواکاریکریار
- توانای پێوەندی لەگەڵINDICATOR، PC, HMI, PLC
- توانای دانانی فیلتیرگەلی دیجیتاڵی بە مەبەستی کاریگەریەکانی نۆیز و لەرینەوە
- توانای کارکردن بە تەختەکلیلی ئامێرەکە یان کیپدی ئامێرەکە بە بێ نیاز بە کۆمپیوتەر

## قەپانی ئاوێزی کۆنترۆڵی _ قەپانی ئاوێزی رادیۆیی




- بەکارهێنانی زۆر هاسان
- خاوەنی حاڵەتی سفری ئۆتۆماتیک
- چوارچێوی ئەلۆمنیۆمی زۆر پتەو و خۆڕاگر
- شەحنی پاتری بە بێ نیاز بە چاککردنەوە
- کۆنترۆڵ مادوونی سوور بە توانای ١٠ مەترەوە (لە جۆری کۆنترۆڵی)
- توانای هەناردنی زانیاری هەتا ١٠٠ مەتر لە شوێنی سەرئاوەڵادا
- standby ئۆتۆماتیک پاش ٥ خولەک (لە کاتی بەکارهێنانی ئامێرەکەدا)
- حاڵەتی کوژانەوەی ئۆتۆماتیک پاش ١/٥کاتژمێر(لەکاتی بەکارهێنانی ئامێرەکەدا)
- شاشەی نمایشی LED بە ڕووناکی زۆر بەرز لە بەرانبەر ڕووناکی هەتاوەوە و لە مەودای ٢٥ مەتریشەوە دەبینرێت.

# تایبەتمەندییەتەکنیکیەکانی قەپانی کانزایی سـەنعەتی و قەپانی تایبەت بە کێشانەکردنی ئاژەڵ



قەپانی کانزایی سەنعەتی



- ڕەنگی سەنعەتی خۆڕاگر
- بینای زۆر پتەو
- خۆڕاگرە لە بەرانبەر ئـەو زەربەگەلەوە کە بەهۆی بار و دەوروبەری وێدەکەون.
- وردبینـی زۆر بـەرز لـە کێشـانەکردندا(بۆ یەکەمجار لە ئێراندا)
- زەرفیەتـی جۆراوجـۆر(١٠ تـەن، ٢٠تـەن، ٣٠تـەن و زیاتریش)
- قەبـارەی جۆراوجـۆر(١/٥×١/٥ مەتـر، ٢/٥×٢ مەتر، ٢/٥×٢/٥ مەتر و زیاتریش)
- بـۆ کێشـانەکردنی پارچەبـەردەکان (تاشـەبەرد) ڕۆڵـە کانزاییەکان و... داڕێژراوە

قەپانی تایبەت بە کێشانەکردنی ئاژەڵ



- پتەو و خۆڕاگر
- بەکارهێنانی هاسان
- دەکرێ بشۆردرێت و خۆڕاگرە لە بەرانبەر ژەنگ هێنانەوە
- خاوەنـی دەرگای هاتـن و ڕۆیشـتن و گاردی پارێـزەرە بە بەرزایی یەک مەتر
- وەرەقـی بنەکـەی لە جـۆری گرنجگرنجە بۆ پێشـگرتن لە خزینی ئاژەڵ
- توانـای سـازکردن لـە قەبـارەی داواکراودا(بەگوێـرەی داخوازی کڕیار)
- مەودای گونجاوی گاردەکە بۆ پێشگرتن لە جوولەی ئاژەڵ






# گرووپی کۆمپانیاکانی( فرد ایران)











TOWZIN GROUP
گروه توزین (فرد ایران)



گروه
فرد








## یادداشت

گروه توزین
شرکت فــرد ایــران
تاسیس ۱۳۳۷

www.fardiran.com


**Head Office**
**No. 466, Mirdamad Blvd., Tehran, Iran** **Postal code:1969764653**
**Tel: +98 (21) 88 31 46 00** **Fax : +98 (21) 88 84 66 62**